# چوارینەکانی ناصح قەرەداغی

## بەخشین

بەخیل مەبە گەر بیرمەند و زانای
رەزیل مەبە  گەر بەهێز و دارای
نەمری و ناوبانگ گەر ئارەزووتە
بەخشینە تەنیا دەرفەت و رێگای

# بڕیار

بریار لەدەست خۆت مەدە تا لاوی
بە قسەی فێڵباز نەکەویە داوی
وێرانیی تۆیە پاشەرۆژێ ئەو
بەهەر درۆیەک فریوی داوی!

## جوانی

به جوانیی ڕوخسار گرفتار ئەبی

بێ جوانیی رەفتار لێی بێزار ئەبی

به جادووی سیما چاو گەوجت نەکا

هۆش حەکەم نەبێ کۆڵەوار ئەبی

# هەنگاو

ڕەنگە هەنگاوێ کە دەیگریتە بەر
بەرەو شکست بێ، بۆ مەیدانی شەڕ
ناشزانی، ڕەنگە هەنگاوێ نەینێی
دەرفەتێ باش بێ لێت بچێ بەسەر!

## هیوا

هیوا ڕووناکیی ناودڵی تەنگە

چرای دەست، تینی ناو ئەژنۆی لەنگە

لەدەستی مەدە دەنا ون دەبی

ڕۆژی ڕووناکت لا شەوەزەنگە

# سەرکەوتن

باجی سەرکەوتن جارجار کەوتنە

توولەڕێی ژیان پڕ ئەنگاوتنە

ملی ڕێ بگرە بەرەو مەرامت

ناگەیتە ئامانج قەت بەم خەوتنە!

# ماف

بۆ داوای هەقت بێ شەرم هەستە

دەنگ بەرز، پێداگر مەحکەم ڕاوەستە

کز و بەستەزمان مافیان خوراوە

هەقبەدەست زۆرجار ناهەقپەرستە!

## پشتگوێ خستن

گەر کاری ئەمڕۆت خستە بەیانی

سبەی دواتریش ئەخەیتە بانی

هیممەتی ئێستا، ئاسوودە دواتر

نەک خاوەخاو و سوێی پەشیمانی

# ژیان

ژیان شیرینە هەتاکوو ئەمرین
ئەگەرخۆشحاڵین یا پەستین، ئەگرین
کەمردین بەردین، خۆڵی بێ هەستین
یادگاری ناو دڵێکی ترین

# خۆلۆمەکردن

لۆمەکردنی خۆت مەکە بە خوو

بەخۆشکاندن نابی سەرکەوتوو

شکست و  هەڵە وانەی سەفەرن

گرنگ ئەزموونە جاری داهاتوو

# زۆرداری

زۆردار پەیدەرپەی هاتن و تیاچوون

بوون بە عیبرەت و رسوای میللەت بوون

ئەم جامی زوڵمە هەر پڕ و لێڵە

کەس لەوی پێش خۆی ناگرێ ئەزموون؟

# دڵخۆشی

زستان بێ و هاوین، خەزان بێ و گوڵزار

لە دڵتا بژی سەیرانی بەهار

چەرخ بە دڵی کەس تا سەر ناگەڕێ

دڵ بێنە سەربار بە پێی ڕۆژگار!

# هەڵپە

ژیان گەشتێکە بەرەو هیچ، مردن

هەوڵیش هەم دۆستە هەم جارجار دوژمن

گەر باش تێنەگەی لەهەوڵ و هەڵپەت

رەنگە لە ڕێگا بتهێنن لەبن!

# بێزاری

ئەگەر ئاوارەی ئەگەر لە شاری

لێرەش و لەوێش جار جار بێزاری

لەوێ خەیاڵ و تاسەی ئێرەتە

لێرەش بۆ ئەوێ مات و خەمباری

# دڵگەرمی

دڵسارد مەبە بە هەوڵی بێئاکام

دڵگەرم بە تا ئەگەیتە ئەنجام

گەر هەموو هەوڵێ سەرکەوتوو بووایە

ژین خاڵی ئەبوو لە مانا و مەرام

# کەوتن

بە کێشەو کەوتن مەبە پەرێشان

نائومێد مەبە لە زەحمەتی نان

کەوتنی گەورەت کۆتایی گەشتە

لوتکەی بەرھەمتە کاتی گیان کێشان

# نیشتمانپەروری

وڵاتپەروەری بە میرات نیە

بە چەک و پارەو دەسەلات نیە

دلسۆزی کار و گەل و خاکت بە

لە تۆ دڵسۆزتر لە وڵات نیە!

# پلان

پلان دابنێ بە پێی تواناى خۆت

ئامانجى مەحاڵ نایەتە دى بۆت

بە بیرى ورد وبە هەوڵى شێلگیر

خۆت تەرخان کە بۆ گرنگى ئەمڕۆت!

# ڕق

رق كرمی داره دات ئەرزێنێ
بیرجەنجاڵ ئەكا ، دڵت ئەشكێنێ
خۆت ئاسوودە كە بە رەجمی كینە
وەرنا تەرازووی عەقڵت ئەپسێنێ!

# سەراب

یا خەمی دوێنێ  یا خولیای سبەی

بە چاوەڕوانی، بە داخ و ئۆخەی

لێرە بێ  و لەوێ تەمەن هەر ئەڕوا

سەرابە و گێژی، چۆن لێی تێ ئەگەی!

سیاسەت

خۆپەرستانی شێتی دەسەڵات

بە ناوی گەل  و خزمەتی وڵات!

لافاوی خوێن و عەرەق هەستێنن

خۆشیان ئینتەلا لە کۆشک و سابات

# خۆگونجاندن

بەتەمای شەنی چاوەڕێی بابە

چوونت بۆ خەرمان بێ با عەزابە

کە نازانی کەی بای شەن هەڵ ئەکا

خۆتبگونجێنە، ساز و وریا بە!

# زۆردار

گورگی تێنرنەخۆر شوانی مێگەل بێ

مەڕئەبێ دایم زامدار و شەل بێ

گورگ و زۆڵەمەڕ ئینتەلا بکەن

مەڕی ئەسیریش خۆراکی زەل بێ

# گەشبینی

ئەمڕۆ ئەستێرەت کز و ئاوایە
سبەی درەخشان وەکوو خۆر وایە
مۆمی دڵ هەرگیز مەکوژێنەوە
تروسکەی هیوا کڵپەی لەدوایە

# مەستی

مەستی مەی نەکوو هی پلەو پایە
ئەم بێوەی ئەویان زوڵمی تێدایە
مەستی مەی سبەی هۆشیارترینی
بۆ ئەویان تەنیا مردن دەوایە!

# ڕیا

سەنگی تەرازووی سەردەم درۆیە

ڕاستی لەمپەرە ڕیا سەکۆیە

ناپاک سەرگەرمی زوڵم و بێشەرمی

دلسۆز لە کونجی دڵپاکیی خۆیە.

## بوون

بوون مەتەڵێکی بێ وەڵامە خۆی
مردن وەڵامی بێ ئەنجامە بۆی
چ شا بی جەنگ و بەزمت جیهانگیر
چ قەلەندەر بی نانی جۆ بخۆی!

سیاسی

کوردایەتی و دین و حیزب و تێکۆشان

دێوجامەی درۆن بۆ گەنج فریودان

ڕێوییەک تەڵەی پێ ناونەتەوە

بە قوربانیی خەڵک بێتە پاڵەوان!

# ڕاستی

ئەوەی لەلای تۆ وەکوو رۆژ ڕووون بێ

ڕەنگە لەکن من حوکمی نەبوون بێ

مەودای بیر باز و تەرازوو  لەنگە

تۆ راستی یا من با بە ئەزموون بێ.

# ویژدان

زاڵم! ئەسیری هۆشی پڕزیان

مەستی بۆ ساتێ ئەتکا بە ئینسان

چارەی دەردی تۆ بەنجی مەی نیە

کوشتنی وەحشی هۆشتە بە ویژدان!

## هیممەت

دەست لەسەر ئەژنۆ سەیری شاخ نەکەی

ئەگەر مەبەستتە ماچی لوتکەکەی

کە کێو ناجووڵێ تۆ بەڕێ کەوە

بێباک بۆ مەبەست ئەبێ پەلەکەی

# ڕەنج

هەتا منداڵی ماڵەباوانی

بە بەش لە پێشی، بۆ کار میوانی

کە زەحمەتی نان لووتی دای لە ئەرز

جا قەدری ڕەنجی باوان ئەزانی

شکست

گەر شکستخواردوو و دەرفەت سووتاوی

دڵ بەوە خۆشکە کە هێشتا ماوی

هیممەتت هەبێ ژین پڕ دەرفەتە

حەسرەت بەڵایە نەکەویە داوی

# تەماع

چی خواستی بوونە هەمووی بێتە دی

بۆ موڵکی زیاتر تەوەللای ئیدی

چاوبرسی ژینی رەنجە و پاشەکەوت

سەرەمەرگیش حەسرەتی ئەبەدی